# هەمیشە بەهار

## حەمەعەلی خەیات مەدهۆش



### مەدهۆش لە چەند دێڕێکدا

■ لە ١٩١٩دا لە سلێمانی هاتووەتە دنیاوە .

■ تا ئێستا ئەم کۆمەڵە شیعرانەی بڵاوکردووەتە : هەمیشە بەهار ، شیرین ، دڵی کچان ، دڵی کوڕان ، یانەی دڵان.

■ چوار کۆمەڵی یەکەمی لەگەڵ چەند پارچە شیعری‌تریش ، لە بەشی یەکەمی ( یانەی دڵان )دا جێیان بووەتەوە .

■ هەروەها ئەم کورتە چیرۆکانەیشی بڵاوکردووەتەوە : دڵ و گوڵ ، سەرگوڵ ، نەریمان چیی لێهات ؟ بەرەو پایزە بەهارێکی‌تر .

■ لە دوادواییی ساڵانی چل و سەرەتای ساڵانی پەنجادا ، لەسەر نیشتمان‌پەروەری تووشی گیران و چوونە بەندیخانە بووە .

■ لە سەرەتای ژیانییەوە تا چەند ساڵێک پێش مردنی ، لە سلێمانی و پاشان لە بەغدا بە دەرزی و دروومان و ئامادەکردنی کاڵای جوانەوە بۆ باڵای نازداران خەریک بووە و ، پاشان لەبەر بێ‌تاقەتی خۆی خانەنشین کردووە و ، گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی .

■ لە عەسرانی ڕۆژی ٢٤ / ٢ / ١٩٩٤دا بۆ یەکجاری لە سلێمانی سەری نایەوە و ، لە گردی شێخ محێدین بە کۆشی دایکی نیشتمان سپێرراوە .

له بیرم ماوه ڕووی هەرزەکاریم
ژیانی بەرزی ناو کوردەواریم
سەرم پڕ شۆری ئەو بەهاریٚ بوو
دڵیشم کەیلی گوڵ ڕوخساریٚ بوو
هەمیشە مەستی گە نجی و جوانی
دڵداریم ئەکرد بە شادمانی
لە شای و بەزم و سەیرو هەڵپەڕین
لە گوڵ چنینیٚ یا خود دڵ کڕین
شەوانم لەگەڵ یارانی هاودەرد
بە خۆشی ڕابوارد وەك ڕۆژی بیٚ گەرد
لەگەڵ کۆمەڵیٚ تازە موودا بووم
لەناو بتانی لالە ڕوودا بووم
دەورم شەوچرای زستان و ئاگر
دەنگی سەتوور وسازی سەماور
دەمی گۆرانی و ئاواز و بەستە
یاخود چیرۆکی خۆش و سەردەستە
کە ئەم باسەیان هیٚنایە پیٚشیٚ
بەشیرینی دڵ لیٚی بوو بە میٚشیٚ
کە دیم دڵگیرو جوان و لەبارە
پەسەندی بیری لاوی دیارە

وا هۆنیمەوە کردم بە ڕستە
لە جێی یادگار ئەم سەرگوزەشتە
کورد لاوی وەهای تیا هەڵکەوتووە
پەیمانداری وای لێ دەرکەوتووە

وەکوو بیستوومە ئاغایەك لە شار
بازرگانێك بوو ناسراوو دیار
کوڕێکی هەبوو ژیرو توانا
فەرەیدوون ناو بوو بە هێزو دانا
جوان و پێگەیو، دڵتەڕو ڕووخۆش
وردو لەسەرخۆ ، زیرەك و بەهۆش
بەڵام ئەم کوڕە شەو خانە بێزار
هەردەم لە باوکی ون ئەبوو شەوگار
لەسەر شەو لە ماڵ دەرچوونی چەند جار
لێی تووڕە ئەبوو باوکی بە ناچار
شەوێکیان پێی وت ڕۆڵەی بە کامم
گوێ لە من بگرە چۆنە مەرامم
ئەوا من پیر بووم بە تەنیا تۆم هەی
بۆچی ئەمەندەم خەفەت پێ ئەدەی
بەشەو لەمەولا بیکە بە پیشە
لە دیوەخانا لەلام دانیشە

با تۆ بناسن خزم و یارانم

نەتەوەی منی و تۆوی دامانم

کە مردم هەرچیم لێ جێ بمێنێ

بە تۆی بسپێرن کەس لێت نەسێنێ

گەر لەم کردەیەی خۆت واز نەهێنی

بڕۆ ، تۆم ناوێ لای من نەمێنی

باوکی ئەمانەی فەرموو فەرەیدون

سەری خۆی داخست سەرسام و دڵ خوون

چونکە بە دەردی دڵی دووچار بوو

ئەم پەندەی باوکی لا زەهری مار بوو

## گیران

ئەم وتارانەی گشتی لە بیرچوو

لەلانەی باوکی شێرانە دەرچوو

بەرگی شەوپۆشی ڕەشی کردەبەر

بە گورجی ڕێگەی هیوای گرتەبەر

تیرو کەوانی توندکرد لە شانی

چوو بۆ هەواری جاری جارانی

نەیزانی ئەمشەو نەگبەتی دیارە

تووشی پاشا بوو لەگەڵ دە سوارە

تێی خوڕی زەلام مەڕۆ چ کارەی
بەم شەوە وێڵی ئەم قەراغ شارەی
وتی وازبێنە ، مە پرسە من کێم
بە تۆ ناگیرێم ، دەست مەیەنە ڕێم
شا فەرمووی بڕۆن دەست بگیری کەن
دیارە سەرچڵە ، زوو زنجیری کەن
فەرەیدوون چەکی لە شانی داگرت
ژێی تیری لە گوێی کەوانا ڕاگرت
چووە کەمینی نیشان لە وێدا
گەیینە سەری ، گیرا لە جێدا
شا فەرمووی بیبەن بۆ بەندیخانە
سبەی بیکوژن کوشندەی دوانە

## سپڵە

فەرەیدوون گریا وتی ئەی سالار
لێ بووردنت بێ بۆ منی هەژار
بزانە زەدەی دەستی نیگارم
بەم شەوە وێڵی کۆڵان وشارم
ئەمشەو تا سبەی لە یارم مەکە
بێ ماڵ ئاوایی دڵدارم مەکە

من خۆم شەست و شەش برادەرم هەن

ئەمەندە یاری گیان پەروەرم هەن

کامیانت ئەویَ بارمتە بن لات

هەتا بەیانی دێمەوە بۆ لات

زۆر پاڕایەوە لە شاو سوارنی

گەیشتە گەردوون ناڵەو گریانی

شا زۆر بەزەییی پێدا هاتەوە

وتی ناتکوژم بەم ئاواتەوە

کام برادەرت بەباش ئەزانی

تۆی بدەمە دەست هەتا بەیانی

فەرەیدوون چوو بۆ لای هەر هاوڕیَیە

دەری کرد وەکوو نەزانیَ کیَیە

لە دەرگای شەست و شەش ئاوەڵیدا

کەسیان بە کەڵکی نەهات لە ویدا

هەناسەیەکی هەڵکێشا ناچار

وتی بە پاشا لەگەڵ شین و زار

ئەم برایانەی منت کە بینی

هەموو یارم بوون لە دەوری سینی

نەمزانی هەموو دۆستی سەر نانن

ڕۆژی تەنگانە دوژمنی گیانن

بەڵێنم وابێ لەگەڵ دڵی خۆم
گەر مام لەمەولا تەفرەی کەس نەخۆم
هەموو دۆستێکم باش هەڵسەنگێنم
ئەوسایە سەری بۆ دانەوێنم
توخوا پاشا گیان دۆستێکم ماوە
با بچینە لای ئەویش ناسیاوە
جار جارێ لەڕێ یەکترمان دیوە
بە چۆنی و چاکی یەکمان ناسیوە
کوڕێکی باشەو ناوی نەژادە
بۆدەست گرۆیی ئەوم لە یادە
فەرەیدوون لەگەڵ پاشا نیوەشەو
نەژادیان لە جێ ڕا پەڕاند لە خەو
فەرەیدوون گریا وتی برادەر
هاتومە دەرگات مەمکە دەربەدەر
هەتا بەیانی من بگرە لای خۆت
چۆنم چار ئەکەی خۆت و خودای خۆت
کەوای وت نەژاد زۆر بە نەرمەوە
بە شای وت لە ژێر پەردەی شەرمەوە
گەر لەسەر پارە ئەم کوڕە بەندە
من زیاتر ئەدەم خوێن بایی چەندە

ئەگەر لەسەر ژن گیراوە لاتـان
من خێزانی خۆم ئەنێمە پاتـان
ئەم دوو شتەیە کەلە دەست من بێت
وەیا سەریشم دائەنێم لە ڕێت
پاشا سەرسام بوو لەم گوفتـارانە
بژی ئەو کەسەی کرداری جوانە
وتـی چونکە تـۆ ئەوەندە مەردی
هەمووم پێگەیی و ئازادم کردی
بەڵام تـا سبەی با ئەمەت لا بێ
لای تـۆ بمێنێ نەك بەرەڵلا بێ
سبەی کە نـاردم بۆمی بنێرە
هەرکەسێکم نـارد بەوی بسپێرە
شا فەرەیدوونی سپـارد بەوو ڕۆی
لەگەڵ سوارانی بۆ پەیکاری خۆی
نەژاد دەست بە جێ جێگەی بۆ ڕاخست
لای خۆی نواندی و دەرگای لێ داخست
خۆشی چووە نـاو جێگـاوە لێ ی خەوت
فەرەیدوون وەستـا تـا خەوی لێ کەوت

# چۆن پێی نەگا

کاتێ نەژاد نووست فەرەیدوون هەستا
تا دەرگای ماڵی نەژاد نەوەستا
بە سووکی بێ دەنگ دەرگای کردەوە
لە لانە دەرچوو بەدەم دەردەوە
لەگەڵ لەوسەری کۆڵانا دەرکەوت
هەم دیسانەوە شا چاوی پێ کەوت
وتی سەیری کەن ئەم نەوجەوانە
بە چی سەودایەك وا هەراسانە
ئێوە بوەستن تەنهاو نهێنی
من دوابەدوای ئەو ئەکەومە شوێنی
تاکو بزانم ئەمشەو کوێ ئەچێ
ڕازی ئەم کوڕە با لەکیس نەچێ
فەرەیدوون ئەڕۆی پاشا لە دواوە
دی لەبەردەمی ماڵێ وەستاوە
کەمەندی هاویشت لە خانوو سەرکەوت
پاشاش کەمەندی هاویشت و دووی کەوت
فەرەیدوون یەکسەر ڕووی کردە ژوورێك
چوو بۆ ژوور سەری بالا بلوورێك
نازدارێ دەرکەوت لە تۆی پۆپەشمین
پەری ڕوخسارێ ، سەرپەنجە ڕەنگین

لەبەرگی جوانی ئاوریشما بوو

ڕووی بە وێنەی مانگ لەناو تەما بوو

سەرکوڵمی ئەتگوت پارچە ئەڵماسە

نوخشەی سەر لێوی دانە گێلاسە

نەرم و ناسك و شۆخێکی تەواو

فریشتەیەکی لە بەهەشت هێنراو

پاشا ئەمەی دی چونکە هوشیار بوو

ئەم کچەی ناسی کچی سەردار بوو

ئەو شیرین ناوەی بە جوانی شاز بوو

هەزاران دڵی ئاواتە خواز بوو

فەرەیدوونی دی لە جێی خۆی هەستا

بەرانبەر بە یار وەك چنار وەستا

وتی ئەی جوان هێزو هەناوم

بۆچ درەنگ هاتی ڕووناکی چاوم

هەناسەی گەرمم دڵی برژانم

شەو ڕابوورد بۆ مانگ هەر چاوەڕوانم

دانیشە لەلام سەرچاوم هاتی

مەینەتت پێ دام وا درەنگ هاتی

فەرەیدوون گریا ، وتی ئەی نازدار

بەسم پێ بدە خەفەت و ئازار

ئەگەر ئەم دەردەی بە خەو ئەبینی
زوو لەناو ئەچوو فەرەیدوون ژینی
بەتەنیا ئەمشەو لەلای تۆ ماوم
سبەی ئەبینی لەدار دراوم
کامی دڵداریم بردە گڵەوە
ناسۆری دووریم وا بە دڵەوە
هەستە ئاهەنگێ بێنە پێشەوە
با وا بزانین جیهان ئەم شەوە
لە ماچی لێوت بێ نیازم کە
لە کامی دڵدار سەرفرازم کە
لەیەك بئاڵێین وەك توڵی لاولاو
چونکە لەیەکتر ئەبین لە ناکاو
ئەم تینوێتی یەی دڵم بشکێنە
بەر لە پاشا خۆت گیانم دەربێنە
کە وای وت شیرین ئاهێکی کێشا
دووکەڵی لەبن جگەر دەرکێشا

# پەندو سەرزەنشت

وتی ئەی یارم تۆ ژیری لای خۆت
چۆن ئەم گوناهە ئەگریتە ئەستۆت
چەند ساڵە ئێمە بە داوێن پاکی
بە پارێزراوی ماوین بە چاکی
دڵێکی ڕوونی وەکو ئاوێنە
پاکی لە ناویا بووە بە وێنە
گەر ئێستە کامی یەکتر وەرگرین
کە مردین لای خوا چۆن سەر هەڵبڕین ؟
ئەم ئاوێنەیە بۆچ پەڵەدار بێ
ڕووی ڕەشی ئێمەی تێدا دیار بێ
ئەزانی ئێمە ئەچینە گۆڕێ
بۆچی بۆ شەوێ هەمووی بدۆڕێ ؟
منیش لە دوای تۆ ژیانم تەنگە
تەڵی ژیانم بە تۆوە بەنگە
بەیانی ئەگەر تۆیان لەناو برد
خۆم نەجات ئەدەم منیش دەست و برد
گەر ئەم پەندەی من گومانی تیایە
تاقیم کەرەوە بزانە وایە
چاوێك بگێڕە نزیك سێدارە
سوارێکی ڕەش پۆش لەوێ دیارە

بیناسە ئەوە دڵداری خۆتە

دۆستێکی پە یمان گوزاری خۆتە

منیش بتبینم کە چۆن شێرانە

ئەچێتە پێشێ نەڵێن ترسانە

ئەمەندە هێزو سەربەستیت تیا بێ

هەموو کەس بڵێن گەنج ئەبێ وابێ

ئەم زەردەخەنەی لێوت ون نەکەی

بەرامبەر دوژمن من شەرمن نەکەی

خۆت باش ئەزانی ناحەزمان زۆرە

گەر پێمان خۆش بن زۆر لام ناسۆرە

لەگەڵ بالای تۆم دی بە دارەوە

جەرگم بە خە نجەر دێنمە خوارەوە

ئەوسا دوو لاشەی پاکی پڕ خەبات

یەك ئەگرن ئەڵێن ئەمەتا ئاوات

باوەڕیش ناکەم بۆ لەناوچوونت

پشت ئەستوور بی تۆ بە بێچوونت

چونکە چاکەت کرد لەم جیهانەدا

هەر دێتەوە ڕێت لە تەنگانەدا

نەتبیستوە چاکە بکەی لەگەڵ ئاو

نەجاتت ئەدا لە دەم قوڵفی داو

منیش لێلاو نیم ئەو ئاوە پاکەم
بەتەمای بەشی خزمەت و چاکەم
پاشا ئەم جووتەی وا هاتە بەرچاو
توانای نەما بوەستێ تەواو
لەم پەیمانانە دڵی ئەلەرزێ
سەری پەنجەی خۆی بە ددان ئەگەزێ
بێ خشپە پاشا زوو گەڕایەوە
ئەو شەوە نەنووست بەو سەودایەوە
دەمەو بەیانی کە شەو بوو ئازاد
فەرەیدوون هەستا بە دڵی ناشاد
بە گریانەوە ڕووی کردە شیرین
بەخوات ئەسپێرم یاری نازەنین
تازە ڕووی یەکتر نابینینەوە
مەگەر لەبەهەشت یەك بگرینەوە
ئینجا بە گورجی کەوتەوە ڕێگە
گەییە شوێنی خۆی ، چووە ناو جێگە
چەنکە ماندوو بوو زوو خەوی لێ کەوت
هیچ کەس نازانێ چۆن ئەبێ ڕێکەوت
کاتێ شەو ڕابوورد تاریکی لاچوو
بەرگی ڕووناکی بەسەر شارا چوو

زەردە هەتاوی بەیانی دەرکەوت
جلەو کێشی ڕۆژ بزووت و سەرکەوت
دەستی دڵداری لە مل دەرهێنا
پەردەی جیایی بەرەو دوا هێنا
تیپی پەلەوەر کەوتە خرۆشان
گیان لەبەر سەرپاك چوونە تێکۆشان
بەڵام فەرەیدوون لە شیرین خەوا
کەیلە لە سەودای ناکامی شەوا

## تاڵ و شیرین

لە پڕدا یەکێ توند دای لە دەرگا
نەژاد دەست بە جێ هەستا لە جێگا
بە ڕوویەکی خۆش بێ ماتەمینی
بە ژنەکەی خۆی وت زۆر بە شیرینی
پاشا ناردوویە بە دووی فەرەیدوون
من ئەچم لە جێی با نەبێ دڵ خوون
هەتا ئێستا تۆ خێزانی من بووی
جووتی ژیان و هاوشانی من بووی
بە دڵێکی خۆش ، بەبێ دەردی سەر
لەمەولاش هەروا ژیان بەرە سەر

فەرەیدوون بۆ تۆ ئەگەر من کوژرام
ئەو لەباتی من دانێ لە جێگام
ئەو دڵەی دابووت بە من ، بیدە بەو
خۆشی ئەبینی لە کرداری ئەو
هەرچیش من هەمە هەمووی بۆ ئەو بێ
با گیانی منیش بۆ ئەو پێشڕەو بێ
ئەم ڕێیەو شوێنەی دانا لە پاشا
بە گورجی هەستا چوو بۆ لای پاشا
شا فەرمووی بڕۆن جاڕدەن بە شارا
ئێستا جوانێك ئەکرێ بە دارا
هەرکەس ئەیەوێ بێت و بیبینێ
کە پاشا تۆڵەی کوشتن ئەسێنێ
بەڵام خێزانی نەژادی وریا
چووە ژوور سەری فەرەیدوون ، گریا
دڵۆپی فرمێسك لە چاوی بەر بوو
کەوتە سەر ڕووی ئەو ، پێی بەخەبەر بوو
سەری هەڵبڕی پرسی ئەی خوشکم
لەبەر چی ئەگریت ، لە کوێیە کاکم
من بۆ ئێوە بووم بە دەردی سەری
ئەی پەروەردگار لە ناوم بەری

وتی که پاشا به شوێنیا ناردی
خۆی چوو لە باتی و بە منی سپاردی
فەرەیدوون هەستا خۆی گەیاندە شا
بە گریانەوە وتی بە پاشا
کوشندەی پیاوی ئەمشەوت منم
خوێنی ئەم جوانەش مەخە گەردنم
نەژادیش وتی بڕوای پێ مەکە
من دوو سوارم کوشت ، تۆ ڕووی تێ مەکە
ئینجا پادشا فەرمووی کە وایە
خوێنی هەردووکیان بۆ من ڕەوایە
فەرمووی هەردووکیان بەن لە سێدارە
بۆ تەمێ خواردن کێ ئاگادارە
لە ناکاو سوارێ لە دوور پەیدا بوو
سەرتا پا لە ژێر بەرگی ڕەشا بوو
هاتە پێشەوە ، لە نزیك وەستا
پاشا ئەمەی دی لە جێی خۆی وەستا
وتی بەسەردار ئەو ڕەش سوارە
بزانە کێیە لە ڕیز دیارە
سەردار چوو پەچەی لەسەر ڕووی لابرد
ناسییەوانێ کە تەماشای کرد

خەنجەری لەسەر دڵی دانا بوو
بۆ کوشتنی خۆی لەوێ وەستا بوو
وتی ئەی پاشا چی ون بێ لە تۆ
جگەری منەو کارەکەری تۆ
ئەوجا پاشا وتی بە سەردار
تکای من بگرە ئەی مەردی هوشیار
وامن ئەمانەم بەم کچەت بەخشی
کە تۆش کچەکەت بەمان ببەخشی
سەرداریش وتی فەرمانی خۆتە
کچ کارەکەری خێزانی خۆتە
ئینجا شیوەنیان گۆڕی بە شایی
دەهۆڵ و زوڕناو زەمزەمەی شایی
بوو بە هەڵپەڕکێ و چۆپی کێشانێ
لەیەك وون بوون و بۆ یار گەڕانێ
باوکی فەرەیدوون کە بەمەی زانی
کەوتە باربوویی هەرچەندی توانی
خەڵاتێکی زۆر درا بە نەژاد
لە زیوو ، لە ئاڵتوون کرا سەر ئازاد
ئەم هەموو بەزمە بە چەپڵە لێدان
ڕووی کردە ماڵی مامەی بازرگان

شیرینی و شەکراو هاتە کایەوە
پەردەی زاوایی ڕازێنرایەوە
کچی سەرداریان دا بە فەرەیدوون
ئەم دوو دڵخوازە بەیەکتر شادبوون
نوخشە بێ لە گشت دڵدارو دڵخواز
تا لە مەینەت و خەم بن سەرفراز
ئەم چیرۆکەشمان وا بڕایەوە
سەریەشانەکەی بۆ من مایەوە

1941